# باباناووسی سەرگەتی
# (١٠٨٤-١١٦١)

حەکیم مەلاساڵح

بەڕێز کاک د. مارف خەزنەدار لە بەرگی یەکەمی «مێژووی ئەدەبی کوردی»دا، بەچڕوپڕی باس و خواستی لەسەر (یارسان)یەکان کردووە، چ لەڕووی دینەکەیانەوەو چ لەڕووی شیعریانەوە. یەکێک لەو شاعیرانەی کە هەوڵیداوە مافی خۆی پێبدات شاعیری ئەم باسەمانەو بەپێی ئەو هەندە شیعرەی کە دەستی کەوتوون چوار لاپەڕە و نیوی لەسەر نووسیوە.

ئەم شاعیرە خەڵکی گوندی (سەرگەت)ی رۆژهەڵاتی شاری هەڵەبجەیە و مەزاریشی هەر لەوێیە، بەمپێیە بەندە کە مێژووی هەڵەبجەم نووسیوە و بەرگی یەکەمی چاپ بووە و بەرگی دووەمیشی کە تایبەتە بە شیعرو شاعیران ئامادەی چاپە، هەوڵمداوە لەسەر شیعری شاعیرانی کاکەیی یاخود یارسانەکان گۆشەی تایبەتییان بۆ دیاری بکەم، چونکە شیعرەکانیان دەربڕی هزرو فەلسەفەیەکی کوردین، ئەمە لە لایەک و لە لایەکیدیکەوە ئەوەش دیاری دەکەن کە سەردەمانێک هەڵەبجە و دەوروبەرەکەی مەڵبەندێکی پڕ لە پیتی ئەم دینە کوردییە بووە. چونکە جگە لەم شاعیرە پۆلێ شاعیری دیکەشی تێدا هەڵکەوتووە. وەکو (قازی نەبی سەرگەتی) و (عابیدینی جاف) و (نێرگس خانمی شارەزووری) و (لیزاخانمی جاف) و (پیر محەمەد) و (پیر نالی مۆردینی) و (پیرە نەڕەی باڵامبۆیی)و (شێخ خامۆش) و (پیر دلاوەری دەرەشیشی) و (پیر باباغەیبی هاواری) و (پیر بنیامین) و (خەلیفە رەشیدی هاواری)و (دایە خەزانی سەرگەتی).

کە هەریەکەیان ئەوە بەباشی هەڵدەگرن بەسەر بکرێنەوە و قسەی وردیان لەسەر بکرێت.

یەکـــەم: لەبەرئەوەی مـێـــژووی ئەدەبەکـــەمـــان دەگێڕنەوە بۆ پتر لە (٨٥٠) ساڵ بەر لە ئێستە.

دووەم: لەبەرئەوەی کە بەشیعرەکانیان حیکایەت لە دینێکی کوردی دەکەن و سێیەم: لەبەرئەوەی کە شیعرەکـانیـان بە هەورامی نووسیوە و ئەو راستیـە دەسـەلمێنن کـە زاراوەی (گـۆران)ی سـەر باشـقـەی هەمـوو زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردییە کە دەقی پێ نووسـرابێت- باباتایەری هەمـەدانی لێـدەرچێت کە هەندێ شیعری بەشێوەی پەهلەوی و شێوەزاری لەکی گوتووە.

بەڕێز د. مـــارف خـــەزنەدار کـــە هاتۆتە ســـەر شیعرەکانی ئەم شاعیرە و لێکدانەوەیان، بەداخەوە هەندێ کەموکورتی بە شرۆڤەکەیەوە دیارە. هەرچی منیشم زۆر بەخەمی ئەو مێژووە ئەدەبییەی جەنابی دکـتـۆرەوەم، چونکە بەمـێـژوویەکی ئـەکـادیمی پڕ لە زانیاری دەزانم، هەر بۆیە وردە وردە هەوڵ دەدەم کە هەندێ قسەو باسی لەسەر بکەم بەمەبەستی ئەوەی کە لە چاپی دووەمـیـدا ئەو هەندە کـەمـوکـورتیـانەی تێـدا نەمـێـنێ - بەتایبـەتی لەسـەر شـاعـیـرانی هەورامی وێژ.

ئێـسـتـەش لەسـەر ئەم شـاعیـرە دەچینە سـەر ئەو چەپکە شـیعرەی کـە بەڕێز د. مارف لە لاپـەڕەکانی (٢٤٤-٢٤٨)ی بەرگی یەکەمدا هێناونی و راڤەی لێکردوون.

**یەکەم:**

نامەن بلەو شۆرەتم ناووس
بابۆم ئەحمەدەن، ساحێب جاووکووس
پێکانم وەسەر جووقەی پەڕ تاووس
زات ئاسوارەنان چەنی کەیکاووس

دکـتۆر ئەم دوو بەیتـیـەی بەم شـێـوە لێکداوەتەوە (ناوم ئـیـبـراهـیـمـەو شـوهرەتم ناووسـە/ باوکم ئەحـمـەدە، خـاوەن جێ و رێیـە کـڵاوی پەڕی تاووس لەسەر دەنێم لەگەڵ کەیکاووس یەک گیانمان هەیە).

بۆ ئەوەی بەوردی بچینە ناو دنیای شـیـعرەکـانی ئەم شـاعـیـرەوە پێویسـتـە وشـە گـرانەکـانی لێک بدەینەوە ئینجا بچینە سەر راڤەکردنی. وشەکان:

١- ناووس = نازناوی شـــاعــیـــرە بەواتای (نەخەوتوو، خەوزڕاو) ئەم نازناوەشی لەوەوە هێناوە کە شەوانی بەدەم خوا پەرستییەوە بەڕێ کردووە.

٢- جا = پلەو پایەی بەرز.

٣- کـــووس = تەپڵی گـــەورە کـــە تایبـــەتی دەسـتـەڵاتداران بووە و بۆ جـارکـێـشـان و هەروەها لەکاتی جەنگیشدا بەکاریان هێناوە.

٤- جووقە = تاج.

٥- زات ئاسوارەنان = من ئەو سوارەم.

٦- کـــەیکاووس = دووەمین پاشـــای مـــەزنی بنەماڵەی کەیانیەکانە.

دوای ئەمـە راڤـەی شـیـعـرەکە بەم شێوەی لێـدێت (ناوم ئیبراهیمە و نازناوم ناووس، باوکم ئەحمەدە کە خـاوەنی پلەوپایەیەکی بەرزی کـۆمـەڵایەتیـیـە، تاجـێـکم کـــردۆتە ســـەرم کـــە بە پەڕی تاووس رازاوەتەوە، من ئەو شـــۆڕە ســـوارەم کـــە لەگـــەڵ کەیکاووس شادا رێ دەکەم).

بەڕێز کاک دکتۆر (جاووکووس) جێ و رێ نییە. (پێکانم وەســـەر جـــووقـــەی پەڕتاوس) بە واتای (کـڵاوی پەڕی تاووس لەسەر دەنێم) نایەت. کـڵاو هەمـوو کـەس دەتوانێ بیکاتە سەری، ئەوە جووقە و تاجـە پاشـایان لەسـەری دەکـەن، ئەمـەش تاجـە کە بەپەڕی تـاووس رازێنراوەتەوە نەک کــــڵاو (زات ئاســـوارەنان چەنی کـــەیکاووس) واتای (لەگـــەڵ کەیکاووس یەک گیانی هەیە) نادات. وشەی گیان بە هیچ واتایەک لەناو شـیـعـرەکـەدا نییـە!! بەڵکو شاعیر مەبەستی ئەوەیە کە کەسێکە هاوشان و لفی کەیکاووس شا. دیارە ئەم شیعرەی لە وەڵامی ئەو خـەڵکە ناحـاڵـیـەدا گـوتووە کـە پێـیـــان وتووە (بلەشێت) چونکە شاعیر خۆی دەزانێت کە شێت نییە، بەڵکو خواپەرستێکی وەها گەورەیە کە زۆر

دوورکەوتۆتەوە لە رەفتاری خەڵک، بەم جیاوازییەشی لەگەڵ رەفتارو کرداری خەڵکدا شۆرەتی (شێت)ی پێ براوە.

**دووەم:**

ئەز ناووسەنان جەی بەرزەماوا
ئاسیاووم نیاوە، جەی تاشی کاوا
هەرکەس نەهارۆ، لەلا نیاوا
فەردا مەوینی، رووشان سیاوا.

کاکە دکتۆر واتای ئەم دوو بەیتییەی بەم شێوە لێکداوەتەوە (من ناووسم لە جێی بەرزو بڵند دەژیم/ ئاشی خودا پەرستیم لەم کێوە داناوە / هەر کەسێک باراشی لەم ئاشەدا نەکات/ سبەینێ دەبینێ رووی رەش بووە) ئەم شیعرەش وەستانی لەسەر پێویستە بەتایبەتی کە هەڵەیەکی گەورەی تێدایە (لەلانیاوا) ئیتر نازانم هەڵەی چاپە یا دکتۆر شیعرەکەی بەو شێوە دەستکەوتووە؟!

بۆ راستکردنەوەی واتاکەشی پێویستە هەندێ وشەی تێدایە لێکیان بدەینەوە.

١- تاشی کاوا = تیشەی شاخ. ٢- نەهارۆ = نەهارێ. لەلانیاوا = هەڵەیە و لای ئێمە نووسراوە (وەلام نیاوا) واتە: نەیەت بۆ لام. ٣- فەردا = سبەینێ.

٤- مەوینی = دەبینی (نەک دەبینێ). ٥- رووشان سیاوا = روویان رەشە (نەک رووی رەش بووە).

واتای گشتی شیعرەکە (من ناووسم و بەو شوێنە بەرزەوە گیرساومەتەوە، بەو تیشە شاخەوە ئاشێکم دامەزراندووە، هەرکەس نەیەت بۆ لام و باراشم لە لا نەهارێ، ئەوا سبەینێ دەبینی روویان رەش بووە).

شاعیر لەم دوو بەیتەشدا لاف لێدەدات و خۆی بەکەسێکی پایە بەرز حیساب دەکات، بۆیە لەڕووی فەلسەفییەوە وای دەردەبڕێ کە (من ناووسم و نیشتەجێی (بەرزەماوا= عرش الرحمان)م، لەوێ بەو شوێنە سەخت و دژوارەوە ئاشێکم ناوەتەوە، ئەگەرچی شوێنەکە سەخت و عاسییە بەڵام خەڵک هەر دەبێ بێن بۆ لام، ئەگەر نەیەن ئەوا سبەینێ لەرۆژی قیامەتدا دەبینی روویان رەشەو لە ریزی تاوانباراندان).

**سێیەم:**

جەوێما جەوێم، جەوێما جەوێم
دەردو دەرمانم، جەوێما جەوێم
لوام وەملە دەست بەردم وەنێم
دیم تیری باران کەفتەن ئەو دلێم.

ئەوواتایەی جەنابی دکتۆر لێکیداوەتەوە: (لەناو خۆم دایە/ دەردو دەرمانم لەناو خۆمدایە/ چوومە سەرگردو دەستم بۆ درەختی نێم برد/ دیم کە تیرە باران دەکرێم).

لێکدانەوەی هەندێ لە وشەکان.

١- جەوێما جەوێم = لە خۆمدایە لە خۆم. ٢- ملە = (گرد)نیە وەکو دکتۆر لێکیداوەتەوە بەڵکو (زینۆ یا گەردەنەی چیا)یە. نێم = درەختێکی گەورەیە زۆرتر لە هیندستان دەڕوێ، گەڵای وردوناسکی هەیە، گوڵ بەهێشوو دەگرێت و بۆنی خۆشە بەرەکەی وەک عیناب وایە. ٣- باران (هەڵەیە) لای ئێمە نووسراوە (یاران) کە ئەمە راستە. ٤- کەفتەن = کەوتە ٥- دلێم = ناوەوەم، هەناوم.

واتای گشتی شیعرەکە: هەر لە خۆمدایە، دەردم هەبێ و دەرمانی دەردەکەشم هەبێت هەر لە خۆمدایە. چوومە سەر گەردەنە کێوو دەستم بۆ درەختی نێم برد. کاتێ ئەمەم کرد دیتم تیری یاران (خواناسان) هەناوی پێکام.

تێبینی: لەناو هەموو درەختەکاندا ناوهێنانی (نێم) ئاماژەیە بە فەلسەفەی عیرفانی رۆژهەڵاتی

کە وڵاتی هیندستان مەڵبەندێکی گەورەو سەرچاوەی ئەم فەلسەفەیە بووە، هەر لە (بوودا)وە تا بەئەمڕۆ.

**چوارەم:**

جەوێم پەنهانا، جەوێم پەنهانا
تێری وەم کەفتەن، جەوێم پەنهانا
تیر بەگەوهەرا، گەوهەر جەکانا
تا نەخی مێردان، بدۆ بێستانا.

واتای ئەم شیعرە لای دکتۆر (تیرێکی نهێنی/ تیرێک بریندار کردم، تیرێکی نهێنی / تیر لە گەوهەرە، گەوهەریش لەکانە/ بۆ ئەوەی پۆلی مێردان بگەنە بێستان).

داوای لێبووردن لە جەنابی دکتۆر دەکەم لێکدانەوەی ئەم دوو بەیتییە پێویستە بەم شێوە بێت (لە من شاراوەیە، تیرێک پێکاومی لە من شاراوەیە، تیر لە گەوهەرە و گەوهەریش لەکان، تا نۆکی کەڵەمێردان بۆیستان بەرهەم بێنێ). ئەو تیرەی شاعیری پێکاوە لە گەوهەرە (فەلسەفە) فەلسەفەکەشی لە (کان)ە واتە (یەزدان)، ئەم تیری فەلسەفەی یەزدانییە بۆیە پێکاومی تا دەنکە نۆکی مێردان کە شتێکی ئەوتۆ نییە بەری زۆری لێ بێتەوە و ببێتە بۆیسان. بەڕێز گیان (جەوێم پەنهانا) بەواتای (تیرێکی نهێنی) نایەت. وشەی (نەخ) لە راستیدا (نخە)یە بە واتای (نۆک) کە ئێستەش لە فارسیدا (نخود)ی پێ دەڵێن. هەروەها (بدۆ) بەواتای (بگەنە) نییە، بەڵکو بەواتای (بدات)ە.

**پێنجەم:**

ئەز ناووسەنان مەیۆنان جەسەر
تیغی دوو دەمم نیان نەکەمەر
جە سینەم مەگنۆ مرواری و گەوهەر
زات ئاسەوارەنان چەنی شاحەیدەر

جەنابی دکتۆر ئەم دوو بەیتییەی تاڕادەیەک باش لێکداوەتەوە تەنیا ئەوەندە هەیە، یەکەم: وشەی (مەگنۆ)ی (شارراونەتەوە) لێکداوەتەوە، بەڵام لە راستیدا واتای (دەکەوێ) دەگەیەنێ و لە شیعرەکەشدا واتا راستەقینەکەی دەبێتە (دەڕژێتە)، کە وابوو ئەوکاتەش واتای دێڕەکە بەم شێوەی لێدێ (مرواری و گەوهەر دەڕژێنە سنگمەوە) نەک وەک ئەوەی دکتۆر نووسیویەتی (لە سینگی مرواریی و گەوهەر شارراونەتەوە). دووەم: دێڕی چوارەمیش لە زات ئاسوارەنان چەنی شاحەیدەر) واتای راستەقینەی دەبێتە (من ئەو سوارەم لەگەڵ شاحەیدەر - حەزرەتی عەلی-دا رێ دەکەم) نەک وەک ئەوەی کە دکتۆر نووسیویە (من و شا حەیدەر (عەلی) لە یەک دانە گەوهەرین).

**شەشەم:**

جەبێ یاوەری، جەبێ یاوەری
خەریک مەندەنان جەبێ یاوەری
تۆ وێت بشناساو بکەر - داوەری
ئیتر چۆن باوەڕ وەمەرگ ماوەری

دکتۆر بەم شێوە واتای ئەم دوو بەیتییەی لێکداوەتەوە (لە بێ یاری و مەعشووقی/ لە بێ یاری وێڵ و سەرگەردانم/ تۆ خۆت بناسەو ئەقڵت بەڕاستی بشکێ/ ئیتر چۆن باوەڕت بەئەهریمەن دەبێ و دەیناسی).

پێش لێکدانەوەی تەواوی شیعرەکە با لەسەر ئەم وشانە راوەستین. ١- یاوەر بەواتای یارو مەعشوق نییە بەڵکو واتای تەواوی (یاریدەدەر)ە. ٢- خەریک مەندەنان = سەرگەرمم یا خۆمم خەریک کردووە نەک (وێڵ و سەرگەردان). ٣- بکەرداوەری = داوەری بکە (خۆت حەکەم بە) نەک (ئەقڵت بەڕاستی بشکێ) هەروەکو ئێوە لێکتان داوەتەوە. کە واتای ئەم وشانەمان زانی ئەوکاتە شیعرەکە وا لێکدەدرێتەوە: (لە بێ یاریدەدەریدا بەبێ ئەوەی

یاریدەدەرێکم هەبێ خـۆم خـەریک و سـەرگـەرم کـردووە، (ئەی ئەو کـەسـەی کـە خـۆت لە بەرامـبـەر مندا راگرتووە) خۆت بناسێنە و هەر خۆشت داوەری بکە، کە ئەمـەت کـرد ئیـتـر چۆن باوەڕ بە ڕێگەی چەوت و ئەهریمەن دێنی. مـەرگ بەواتای کـرداری ناپەسەند، ڕێگەی چەوت، خراپە دێت کە ئەمانەش سیفەتی ئەهریمەنن نەک خودی ئەهریمەن.

**حەوتەم:**

جەسەراو سەرێ، جەبان و ماهێ
چەنی کۆڵدرو گوم کەردە راهێ
شین بین وەمیهمان یەکشان و شاهێ
فەرقمان نابێ نەرووی تەختگاهێ

لێکدانەوەکەی کاک دکتۆر (لە جێی بڵندو شاخێ کە بارەگـای خـوایە رێمـان لە عـابـید بزرکـردووە/ چووینە مـیـوانداریی سـوڵتـان و شـاهێک هیچ جیاوازییەک لەنێوانماندا نەبوو).

بەڵام راستی واتاکەی بەم شێوەیە (لەسەر چاوەی ئاوێکی بەرزدا، لەسەر بەرزایی و مـایەکدا، لەگەڵ کـۆڵدرودا کـە ڕێگەی لێ تێکچووە کـەوتینە ڕێ و ڕۆشتین بووین بە مـیـوانی پاشـایەکی شکۆمـەند، کـاتێ گـەشـتـینە لای دیتـمـان هیچ جیـاوازییـەک لەنێوان ئێمە و ئەودا نەبوو).

وشـەی (کـۆڵدرو) واتای - عـابـیـد ناگـەیەنێ، بەڵکو بە شیعرەکەدا دیارە کە نازناوی کەسێکەو ئەوکـەسـەش لادەربووە لەڕێگای راسـتی. وشـەی (نـابێ)ش لـە دوا دێـڕدا دروست نـیـــــــــــە و هەورامیەکەی دەبێتە (نەبی) واتە (نەبوو).

**هەشتەم:**

جەزاووسەری، جەکۆو دەشتی
جەدلی باغی، وێنەی بەهەشتی
جەم بیم مەگێلیام پەی بەخت نەشتی
تا بیم وەهام دەم زیوا سەرشتی

واتاکەی لای دکتۆر (لەسەرەوە لە کێوو دەشت/ لەناو باغی وێنەی بەهەشت/ جەمشید بووم تووشی بەختیاری هاتم تا بوومە هاودەمی زیوا سەرشتی).

ئەم شیـعـرە هەم رێنووسـەکـەی تەواو نییـەو هەم لێکدانەوەکـەشی. پێـشـەکی بەم شـێـوە راسـتی دەکەینەوە:

جەزاوو سەرێ، جەکۆو و دەشتێ
جەدڵی باغێ، وێنەی بە هەشتێ
جەم بیم مەگێڵیام پەی بەخت نەشتێ
تابیم وەهام دەم زیوا سرەشتێ

کە بەم شێوەیە راسـتـمـان کردەوە ئەوسا واتاکەی وای لێدێت (لە دەربەندێک و بەرزاییەکدا، لە کێوو لە دەشتێکدا لەناو باخێکی بەهەشت ئاسادا، خۆم کۆکردەوە و دەسـتم کرد بەگەڕان بە دوای کـەسێکی بەخـتـەوەردا، لە ئەنجـامی گـەڕانەکـەمـدا بوومـە هاودەمی رەفـتـار جـوانێک، یا کـەسێکی رەسـەن و نەجیب زادە.

لەم شـیـعـرەدا وشـەی (زاو) بەکارهاتووە بەواتای (دەربەند یا نشـیـو) دێت، بەڵام دکـتـۆر ئامـاژەی بۆ نەکردووە. (جـەم بیم) واتە خۆم کۆکردەوە، نەک بە واتای جـەمـشـیـدی جـەمی پێـشـدادی. وشـەی (مەگێڵیام) واتە (دەگەڕام) هەروەها (پەی بەخت نەشتێ) بەواتای (بۆ بەختەوەرێک) نەک (تووشی بەختیاری هاتم). وشەی دوانەی (زیوا سرەشتێ)ش بەو واتایە دێت کە ئێمە لێکمان دایەوە نەک ئەوەی کـە کـەسـێک بێت و ناوی (زیبـا سـەرشـتی) بێت هەروەکو جەنابی دکتۆر دیاری کردووە.

شـاعـیـر بەکـورتی دەڵێ (لە هەر شـوێنێ بێت، دەربەند بێت یان بەرزایی، کێو بێ یان دەشت، لەناو باخێکی وێنەی بە هەشـتـیـدا بێت، هەسـتـام خـۆم کـۆکـردەوە و دەسـتم کـرد بە گـەڕان، لە ئەنجـامـدا بە ئاوات گـەشـتـم و بوومـە هاودەمی زیوا سـرشت- رابەرەکەم-.